# باندێکی ماددەی هێشبەر لێلایێن ئاسایشی هەولێر و دەستگیرکرا

بەوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای هەولێر رایگەیاند، لەلایەن هێزەکانیانەوە باندێکی ماددەی هێشبەر دەستگیرکرا کە پێکهاتبو لە شەش تەمەتبار و خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن.

ئاسایشی پارێزگای هەولێر لەڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، بەفەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر، باندێکی بازرگانیکردن بە ماددەی هێشبەرمان دەستگیر کرد، کە لە شەش تەمەتبار پێکهاتبون و دو تەمەتباریان ئافرەتن و خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن.

ئاماژەی بەوەشکردوە، "لەکاتی دەستگیرکردنی تەمەتبارەکاندا بەناوەکانی ( ش ، ش ، ع) و( ص ، ع ، ع) و (ی ، هـ ، ی) و (ر ، ر ، م) و ( د ، ر ،ف ) و (م ، ص ، ك)، دەستمان گرت بەسەر بڕك ماددەی هێشبەر لە جۆری ( کریستاڵ و مەریجوانە) و هەروەها دو (دەمانچەی) بێ مۆڵەت و یەك (نارنجك) و کەلوپەلی پێوان و کێشانی ماددەی هێشبەر".